# توندوتیژیی خێزانی شیرازەی خانەوادە سست و لاواز دەکات



**زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە «سنووری ئازادیی هەر کەسێک لەو خاڵەدا تەواو دەبێت کە ئازادیی کەسانی دیکە دەست پێدەکات.» بەڵام ئەوانەی توندوتیژی بەکار دەهێنن ئەو سنوورە دەبەزێنن. توندوتیژی دژی ئافرەتان و ئازاردانی منداڵیش لە هیچ یاسا و شەرعێکدا ڕێپێدراو نییە و تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا (بە کوردستانیشەوە) سزای قورسی یاسایی بۆ تاوانی لەو جۆرە دەستنیشان کراون. ئەگەرچی ڕێکاری زۆر بۆ نەهێشتنی تاوانەکان لەم بوارەدا تاقی کراونەتەوە، بەڵام هێشتا بە هۆکاری جیاواز و لە ژێر پاساوی جۆربەجۆر و زیاتریش بە هۆی ناوشیاریی تاکی توندوتیژەوە، زۆر جار ئافرەتان و منداڵانی ناو خێزان ڕووبەڕووی زۆرترین توندوتیژی دەبنەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕا و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە مەترسیدارە دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا پارێزەر لانە ئامانج، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «تاوانە خێزانییەکان لە کۆمەڵگەی کوردی لە فراوانبووندایە، کە زۆربەیان خۆی لە توندوتیژی و لێدان و سووکایەتی و دەستدرێژیکردنە سەر ئەندامانی خێزان، بەتایبەت منداڵ و ئافرەت دەبینێتەوە. هەر بۆیەش سکاڵا و دۆسیەکانی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی لە دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس و بەندیخانەکان زۆر بوون.»
گوتیشی: «لە ڕووی یاساییەوە، لە هەرێمی کوردستان یاسای تایبەت بە توندوتیژی خێزانی دەرچووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی تایبەتە بە کارکردن لەسەر دۆسیەکانی توندوتیژیی خێزانی دامەزراون کە تەنیا لە سنووری هەولێر زیاتر (٧) بنکە و نووسینگەی هەیە، لە دادگاکانیش دادگای لێکۆڵینەوە و کەتنی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی هەن بۆ بینین و یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی توندوتیژیی خێزانی. ئەوەی ئێمە وەکو پارێزەران دەیبینین لە کەیسەکانی توندوتیژیی خێزانیدا، زۆرترینیان کێشەی دەستدرێژی و سووکایەتی پێکردنی ئافرەتانە لەلایەن هاوسەرەکانیانە، بەڵام لەپاڵ ئەوانەشدا کێشەکانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان خوشك و برا و دایك و باوك و منداڵەکانیشیان هەن، هەروەها یەکێك لەو دیاردە مەترسیدارانەی ئێستا سەری هەڵداوە و لە فراوانبووندایە، ئازاردانی منداڵە لەلایەن زڕدایك و زڕباوك و تەنانەت لەلایەن خودی دایك و باوکی منداڵەوە کە ڕێژەکەی لە بەرزبوونەوەدایە. یاساش بۆ سزادانی ئەم حاڵەتانە بەندکردنێکی سووك، یاخود سزای پێبژاردن (غرامە)ی داناوە، لەبەر ئەوەش سزاکەی سووك کراوە، تاکو بەهۆی ئەو کێشانەوە زیاتر ئاشتیی کۆمەڵایەتی خێزانی تێکنەچێت و خێزان ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە نەبێتەوە.»
خەلیل پالانی وەك چالاکی مافی مرۆڤ و هەڵسووراوێکی سیاسی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پەیڕەوکردنی توندوتیژی بەکۆی جۆرەکانییەوە (چ جەستەیی بێت، یان زارەکی) بەپێی هەموو بەها مرۆیی و ڕەوشتی و ئایینییەکان قێزەون و ناپەسند و حەرامە. جا هەرکەسێك لە هەر پلە و پۆستێك بێت، یا لەهەر ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزاو چین و توێژێك بێت، مافی ئەوەی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی دیکە، واتە سنووری ئازادیی هەر کەسێك لەو خاڵەدا تەواو دەبێت کە

**نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی هێندە سوودیان هەیە و کاری پێدەکرێ کە لە بەرژەوەندیی کەسەکاندا بێت، ئەگەرنا دەبێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێندرێ**

**پێویستە بە یاسایەک ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی هەر وتارێک، یان لێدوانێک کە بۆنی توندوتیژی و لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا بێت**

**کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مامۆستایانی وتاربێژیش دەبێت زیاتر خێزان و کۆمەڵگە بەرەو مامەڵەی تەندروست و نەرمونیان ئاراستە بکەن**



**بەهێزیی مرۆڤ لە بەهێزبوونی بازوویدا نییە، بەڵکو لە ئارامگرتن و بەرگەکرتن و هزری چارەسەری دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەری کێشە و ڕووداوەکاندایە**

**لەنێو ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ئێستا ئەنجامدانی توندوتیژی بە پیاوەتی و پاڵەوانێتی و بە بەهێزی دەناسرێت، کە ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە**

**هەرکەسێک لە هەر پلە و پۆستێک بێت، یا لەهەر ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزاو چین و توێژێک بێت، مافی ئەوەی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی دیکە**

ئازادیی کەسانی دیکە دەست پێدەکات. بەداخەوە لەنێو ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ئێستا ئەنجامدانی توندوتیژی بە پیاوەتی و پاڵەوانێتی و بە بەهێزی دەناسرێت، کە ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە بەهێزیی مرۆڤ لە بەهێزبوونی بازوویدا نییە، بەڵکو لە ئارامگرتن و بەرگەکرتن و هزری چارەسەری دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەری کێشە و ڕووداوەکاندایە».

پاڵانی هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «لە ماوەی ڕابردوو زۆرێك لەبەناو چالاکوان و ڕۆشنبیر و تادەگاتە هەدێ بەناو بانگخواز و بگرە مامۆستای ئایینیش نەیانتوانیوە بە زمانی گوڵ و بە نەرمونیانی پەیامەکەی خۆیان بگەیەنن و زۆرجار سنووری ئازادی دەبەزێنن و وشەی نەشیاو ئاراستەی ڕەگەزی بەرامبەر و کەسایەتی و زانایان دەکەن و بگرە بیروبۆچوونی یەکتریش دەزڕێنن. پەیامی زۆرێك لەو کەسانەی لە تیڤییەکانیش دەردەکەون، توندوتیژی و هەڵچوونی تێدایە و زۆر جار سۆز دەکرێتە پێوەر بۆ سەپاندنی ڕاو بۆچوونەکان بەسەر کەسانی تر و دوور لە مەنتقی یەکتر قبووڵکردن و ئاڵوگورکردنی بیروڕاکان بۆ چارەسەری کێشەکان و زۆرجار لەشوێنی چارەسەرکردن، کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن. بۆیە پێویستە یاسایەك هەبێت ڕێگری لەو جۆرە کەسانە بکات و ئەو مافەیان نەبێت، هێرش بکەنە سەر ئازادیی تاکەکانی تر و کۆمەڵگە.» گوتیشی: «بۆ گەیاندنی پەیام دەبێ لە خوای گەورە فێر ببین و لە قورئانی پیرۆز پەند وەرگرین، ئەوەتا فیرعەون کە دەڵێتە گەلەکەی من خوای ئێوەم و بانگەشەی خودایەتی دەکات، بەڵام کاتێك کە خودای گەورە بە پێغەمبەر مووسا و هاروونی برای دەفەرموێ «اذْهَبَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ (٤٣) فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ» طه(٤٤) واتە «بڕۆنە لای فیرعەون ئەو لە ڕێ لایداوە، بە زمانێکی نەرمونیان قسەی لەگەڵ بکەن، بەڵکو بیربکاتەوە، یان بترسێ.» هەروەها پێغەمبەری نازدار (د.خ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێ: «موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمان و لە دەستی سەلامەت بن.» بۆیە جارێکی تر جەخت لەوە دەکەمەوە کە پێویستە بە یاسایەك ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی هەر وتارێك، یان لێدوانێك کە بۆنی توندوتیژی و لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا بێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مامۆستایانی وتاربێژیش دەبێت زیاتر خێزان و کۆمەڵگە بەرەو مامەڵەی تەندروست و نەرمونیان ئاراستە بکەن و لەهەمان کاتیشدا پێویست دەکات وانەیەکی تایبەت هەبێت کە لەناوەندەکانی خوێندندا بخوێندرێت و قوتابی پەروەردە بکرێت لەسەر بنەمای ڕێز و ڕێز لەخۆگرتن و ڕێز لە بەرامبەرگرتن بۆ ئەوەی بتواندرێ نەوەیەکی تەندروست و دوور لە توندوتیژی بنیاد بنرێ».

توێژەری کۆمەڵایەتی نیاز محەمەد فەتاح، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کێبڕکێ و بەربەرەکانێ لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە و، قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووەو، هەریەك لە ژن و پیاو ئامرازی جیاوازیان بەرامبەر یەکتری بەکارهێناوە، بەڵام کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، کە ژنان زیانی زیاتریان بەرکەوتووە لەبەر هۆکارێکی سادە کە پەیوەندی بە سرووشتی ژنانەوە هەیە کە سۆزدارن و زوو کاریان تێدەکرێ و برینەکانیشیان درەنگتر ساڕێژ دەبێت.» گوتیشی: «ڕاستە لەسەر ئاستی کەس و حاڵەت زۆرێك لە ژنان قۆناغی باشیان بڕیوە، چ لە پێگەیاندنی خۆیان و چ لە وەرگرتنی کەمێك لە مافەکانیان، بەڵام ئەگەر باس لە ئاستی ئاسۆی کۆمەڵگە لەو بوارەدا بکەین، دەبینین دۆخەکە زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە، چونکە عەقڵییەتەکە و کەلتوورەکە هەمان بنەمایە، بۆیە دەبینین توندوتیژی زیادی کردووە بە هۆی زۆربوونی جۆرەکانی و بە هۆی هەروەها فراوانبوونی سنووری پەیوەندییەکانی ژنان لە کۆمەڵگە و زۆربوونی بەرکەوتەیان لەگەڵ پیاوان.» ئەوەشی دووپات کردەوە کە «پێویستە هەمووان بزانن، نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی هێندە سوودیان هەیە و کاری پێدەکرێ کە لە بەرژەوەندیی کەسەکاندا بێت، ئەگەرنا دەبێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێندرێ» گوتیشی: «گرنگترین بیرکردنەوە کە پێویستە گۆڕانی بەسەردا بێت، جیاوازیکردنی ڕەگەزییە، واتە پێویستە تاك بگاتە ئەو ڕاستییە کە هەر دوو ڕەگەز مرۆڤن و کۆمەڵێ پەیوەندی و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، پاشان لە هەندێ ئاستی تایبەتیدا دەبنەوە بە ڕەگەز بۆ یەکتری و ئەوکاتیش هەر تەواوکەری یەکتر دەبن، ئەم بیرکردنەوەیە چارەسەری زۆرێك لە توندوتیژی و کێشەی ژنان دەکات و سنووری ئازادی و مامەڵەیان فراوان دەکات.»



# خانمانی دەسترەنگینی هەڵەبجە بەکاری دەستی قووتی خێزانی خۆیان دابین دەکەن

کار، جەوهەری مرۆڤە و لەم سەردەمەدا و لە سەرلەبەری جیهاندا بە ڕێژەی جیاواز، ئافرەت و پیاو، دایک و باوک، پێکەوە شانیان داوتە ژێر باری قورسی دابینکردنی داهاتی خێزانی و لە کوردستانیشدا کرانەوەیەکی بەرچاو بە ڕووی کاراکردنی خانمان لە دەرەوەی ماڵدا بەدی دەکرێت. ئەگەرچی ئافرەتان زیاتر لە کەرتی حکوومی دامەزراون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان ڕوویان لە کەرتی ناحکوومی کردووە و لە کۆمپانیا و مۆڵ و مارکێتەکان و تەنانەت لە ناو کارگەکاندا کاردەکەن، ژمارەیەکیشیان ڕوویان لە کاری تایبەتی کردووە، خانمانی دەسترەنگینی هەڵەبجەش لە بازاڕێکی خنجیلانەی تایبەتدا، بە کاری دەستی قووتی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن.



**ئامانج لە کردنەوەی ئەم بازارە، بەرزکردنەوەی ئاستی دارایی تاکە و هەوڵدانە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن و هاتنەدەرەوە خستنەڕووی بەرهەم و کارە دەستییەکانی خانمانە و مەبەستیش ئەوەیە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ ئاسایی بێت**

**ناشارەزایی و نەبوونی ئەزموون لە بواری ڕێکخستنی بازاڕ و کاری فرۆشیاریی ئەو خانمە فرۆشیارانەی کە لەوێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ساردییەکی زۆری لە بازاڕەکەدا دروست کردووە**

«ئێمە نزیکەی ساڵێکە وەک فرۆشیار دەستمان بەم کارە کردووە. سەرەتا کۆمەڵێک دەستەخوشک بووین کە پێکەوە بەرهەمەکانمان هەفتەی یەکجار دەبردە باخی گشتی و نمایشمان دەکردن بۆ فرۆشتن، دواتر بە هاوکاریی دەستەی خانمانی هەڵەبجە و بە هاوکاریی بەڕێز کوێستان خان سەرۆکی شارەوانی نزیکەی چەند مانگێکە ئەم بازاڕەیان بۆ دابین کردووین، کە لە چەند دووکانێك پێکهاتووە و ئێمەش بەرهەمەکانی تێدا نمایش دەکەین. لێرەدا هەر کەسێك شتێکی هەبێت، لەهەر بابەتێك، دەتوانین بیفرۆشین و دڵی خوازیارانی کارەکانمان ڕازی بکەین.»

ئەوە قسەی ئەلوەند هەڵەبجەیی تەمەن ٤٠ ساڵان بوو. ئەو خاتوونە فرۆشیارە یەکێك لە خانمانی بەسەلیقە و دەسترەنگینە و وەك خۆی باسیکرد باری داراییان خراپە و بۆ هاوکاریکردنی هاوسەرەکەی ڕۆژانە بە کارە دەستییەکانی هەوڵدەدات هەندێك لە پێداویستییەکانی منداڵەکانی دابین بکات. سەبارەت بە کێشەکانی بەردەمیشیان گوتی: «کۆمەڵێك کێشە و کەموکورتیمان هەیە، لەوانە نەبوونی دەستمایە بۆ کڕینی پێداویستی و ڕێکخستنی دووکانەکانمان، بەتایبەتی بێ بازاڕی وای لە هەندێك فرۆشیاری ئافرەت کردووە کە لە کاری فرۆشیاری واز بهێنن.» گوتیشی: «کڕیار هەمیشە گرنگی بە دیکۆر و شوێنی بازاڕەکە دەدات، ئێمەش ئەو توانایەمان نییە کە بۆ جوانکاری لە دووکانەکانی خەرج بکەین، بۆیە داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان و خەڵکی سەرمایەدارو بەتوانا دەکەین کە هاوکاریمان بکەن و هەندێ کەموکورتیمان هەیە بۆمانی چارەسەر بکەن.»

هۆزان مەقسوود، تەمەنی ١٩ ساڵە و لە خێزانیکی گەورەو کەمدەرامەتە و سەبارەت بە کارەکەشی دەڵێت: «من نزیکەی چەند مانگێکە لێرە کاردەکەم، ئەم بازاڕە پێکهاتووە لە بەرهەمەکانی چەند خانمێك کە لە بواری کاری دەستیدا کاردەکەن، چەندین کاری زۆر جوانی تێدایە، بەڵام بە داخەوە تا ئیستا هاوکاریی باشی ئەم بازاڕە نەکراوە، تا زیاتر بەرەوپێش بچێت.» گوتیشی: «زۆرێك لە خانمان دەسترەنگینن و توانا و بەهرەی نایابیان لە بواری کاری دەستی هەیە، بەڵام لایەنێك نییە کە پشتگیر و پاڵپشتیان بێت، بۆ پەیداکردنی کڕیار، یان فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، نەبوونی دەستمایەی پێشەکیش بووەتە گرفتی سەرەکیی ئەو خانمە دەسترەنگینانە، چونکە ئەم ژنانەی جێیان وەك دووکان بۆ دابین کراوە، خۆیان کەمدەرامەتن و هیچ داهاتێکی سەرەتاییان نییە هەتا دووکانەکانیان بڕازێننەوە. ئەم بازاڕە زۆر سوودی هەیە، بەڵام بە ڕاستی پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جددی هەیە تا زیاتر بەرەوپێش بچێت.»

هۆزان سوپاسی ئەو ناوەندە دەکات کە تێیدا فێری کاری دەستی بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من وەك خۆم لەم بازاڕە بچووکە کاردەکەم و وەك دووکاندارێك هەلی کارم بۆ ڕەخسێندراوە لەلایەن (گرووپی دەسترەنگینی کچانی هەڵەبجە)، بۆیە زۆر سوپاسی بەڕێز خاتوو سندوس حسێن دەکەم کە بە ڕاستی هاوکارم بووە تا بتوانم لێرە کار بکەم و لە هەمان کاتدا فێری هەندێ کاری دەستیش بووم.»

سندوس حسێن، یەکێکە لە ئەندامانی دامەزرێنەری (دەستەی خانمانی هەڵەبجە) و هەروەها یەکێك لە سەرپەرشتیارانی بازاڕەکە و (گرووپی دەسترەنگینی کچان لە هەڵەبجە)یە و بەمجۆرە باسی کار و چالاکییەکانی خۆیان دەکات: «ئامانجمان بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاك بووە و لە هەمان کاتدا گرنگی پێدان و زیندووڕاگرتنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان و سوودوەرگرتن لە وزەو توانای تاك و دوورخستنەوەی ئافرەت لە بەفیڕۆدانی کات بووە. پاش هەوڵ و ماندووبوونیکی زۆری دەستەی خانمانی هەڵەبجە بۆ دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەو خانمە دەسترەنگینانەی کە لە هەڵەبجە کاری دەستی دەکەن، ئەو بازاڕە دروست بوو. بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەڕێز خاتوو (کوێستان ئەکرەم) کرد، بە خۆشحاڵییەوە زوو بەدەم داواکارییەکەمان هات و سەرەتا بۆ ماوەی ساڵێك لە باخی گشتیی هەڵەبجە هەفتەی یەك ڕۆژ، شوێنی بۆ دابینکردین کە کاڵاکان بۆ فرۆشتن نمایش بکرێن، ئەوەش کاردانەوەی زۆر باشی هەبوو، سوودیشی هەبوو بۆ ئەو خانمانەی بەشداری بوون. پاشان بە هۆی



لەبەرچاوگرتنی کەش و هەوا و نەگونجاویی شوێنەکە بۆ مانەوەی زیاتری فرۆشیارەکان، ناچار بووین هەوڵی دابینکردنی شوێنی گونجاوتر بدەین، ئەوە بوو جارێکی دی هانامان بۆ بەڕێز سەرۆکی شارەوانی برد، کە لە ئەنجامدا ئەو بازاڕەی کە موڵکی شارەوانی هەڵەبجەیە، شەش دووکانی بۆ دابینکردین و تا ئێستاش توانیومانە بەپێی پێویست شوێنی فرۆشیارەکانی تێدا بکەینەوە.

لە دوومانگی یەکەمی کردنەوەی بازاڕەکە خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد و تا رادەیەك شتومەکی فرۆشیارەکان کڕیاری هەبوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆکاریك وردە وردە کڕیارەکان زۆر رووی لە کەمی کرد، کە لەبەرچاوترینی ئەو هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستمایەیەکی سەرەتایی بۆ کڕینی مەوادی سەرەتایی بۆ دروستکردنی کارەدەستییەکان، دەبێت ئەو راستییەش لەبەر چاو بگرین کە هەمیشە کڕیار دەیەوێت کە روو دەکاتە بازاڕ، پێداویستییەکانی هەمەڕەنگ و زۆربێت، تا بتوانێت بە دڵی خۆی ئەوەی دەیخوازێت، هەڵیبژێرێت و بیکڕێت. هەروەها بازاڕەکە شوێنێکی زۆر دیار و گونجاو نییە و کەوتۆتە رووی ناوەوەی بازاڕەکە و کەمترین ئافرەت رووەدەکاتە ئەو شوێنە. لەلایەکی دیکەوە ناشارەزایی و نەبوونی ئەزموون لە بواری رێکخستنی بازاڕ و کاری فرۆشیاریی ئەو خانمە فرۆشیارانەی کە لەوێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ساردییەکی زۆری لە بازاڕەکەدا دروست کردووە. ئومێدەوارین بە هەموولایەکەوە بە لایەنی ئیداریی شاری هەڵەبجە و خێرخوازان و خاوەن سەرمایە و کۆمپانیاکان بتوانن دەستگیرۆیی و پشتیوانی ئەو خانمە دەسترەنگینانە بکەن، تا بتوانن بەردەوام بن و لە کارەکەیان سارد نەبنەوە و بە دڵێکی زۆر خۆش و گەشبینییەوە بەردەوام بن، هەروەك سەرەتا کە دەستیان پێکرد.»

سەرپەرشتیاری (گرووپی دەسترەنگینی کچان لە هەڵەبجە)، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت: «جێگای خۆیەتی سوپاسی تایبەتی بەڕێز خاتوو شیلان سەرپەرشتیاری ئێستای دەستەی خانمان بکەم کە دڵسۆزانە لە خەمی رێکخستن و دابینکردنی هەندێك کەموکورتیی بازاڕەکەدایە. تا ئێستاش توانیومانە چەند جارێك ئەم خاتوونانە بەشداری پێ بکەین لە پیشانگا و فیستیڤاڵەکان لە شاری سلێمانی و هەڵەبجە و بردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیان بۆ سەیرانگاکان لە هاویندا، تا کڕیاری زیاتریان بۆ پەیدا بکەین .»

وەك سندس حسێن باسیکرد، «سەرجەم فرۆشیارانی بازاڕەکە داواکارن لەلایەن حکومەتەوە قەرزی بچووکیان پێ بدرێت، یان لەلایەن کۆمپانیا و سەرمایەدارانەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو پشتیوانییان بکەن تا بازاڕەکەیان زیاتر گەشە پێ بدەن و کەلوپەلی زیاتر بخەنە بازاڕەکە، تا خواست و داواکاری کڕیار بەرز ببێتەوە و کارە دەستییەکانیشیان زیاتر بەرهەمدار بێت.» گوتیشی: «ئامانج لە کردنەوەی ئەم بازاڕە، بەرزکردنەوەی ئاستی دارایی تاکە و هەوڵدانە بۆ رەخساندنی دەرفەتی کارکردن و هاتنەدەرەو خستنەڕووی بەرهەم و کارە دەستییەکانی خانمانە و مەبەستیش ئەوەیە کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ ئاسایی بێت.»

**لە دوومانگی یەکەمی کردنەوەی بازاڕەکە خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد و تا رادەیەک شتومەکی فرۆشیارەکان کڕیاری هەبوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆکاریک وردە وردە کڕیارەکان زۆر رووی لە کەمی کرد**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە هەڵەبجە هەلی کار بۆ خانمان لە چ ئاستێکدایە؟ سەرپەرشتیاری (گرووپی دەسترەنگینی کچان لە هەڵەبجە) گوتی: «بەداخەوە هەلی کارکردن لە سنووری شاری هەڵەبجە بۆ هەر دوو رەگەز و بەتایبەتی بۆ خانمان زۆر خراپە، چونکە هیچ پڕۆژە و کارگەیەکی پیشەسازی لەم سنوورەدا نەکراوەتەوە. بەداخەوە لەلایەن حکومەت و سەرمایەدارانیشەوە گرنگی و بایەخی پێنەدراوە، ئەمەش بووەتە هۆی نەبوونی هەلی کارکردن. لەهەمان کاتدا خێزانەکانی شاری هەڵەبجە، باری ئابوورییان زۆر خراپە بە بەراورد لەگەڵ شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناسەقامگیرییەی لە ماوەی ساڵانی جەنگی نەگریسی ئێران و عێراق و پاشانیش هەڵەبجە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی، زۆر جار رووبەڕووی کاولکاری و قەیران و شەڕ و دابڕان کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارەدا لاواز بووە و هێندە کار بۆ بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی نەکراوە، تا سەرجەم تاکەکانی ئەم شارەش هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت.»

**کۆمەڵێک کێشە و کەموکورتیمان هەیە، لەوانە نەبوونی دەستمایە بۆ کڕینی پێداویستی و رێکخستنی دووکانەکانمان، بەتایبەتی بێ بازاڕی وای لە هەندێک فرۆشیاری ئافرەت کردووە کە لە کاری فرۆشیاری واز بهێنن**